# جارێکیان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سواری ئەسپێک بوو، لەسەر ئەسپەکە کەوت؛ تەنیشتی ڕاستی بریندار بوو

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەڵێت: جارێکیان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سواری ئەسپێک بوو، لەسەر ئەسپەکە کەوت؛ تەنیشتی ڕاستی بریندار بوو، یەک نوێژ بە دانیشتنەوە نوێژی کرد، ئێمە لە پشتیەوە بە دانیشتنەوە نوێژمان کرد، وکاتێک تەواو بوو، فەرمووی: «ئیمام (پێشنوێژ) بۆ ئەوە دانراوە؛ بۆئەوەی (نوێژخوێنەکان) شوێنی بکەون (لە حاڵەتەکانی ناو نوێژدا)، ئەگەر (ئیمام) بە پێوە نوێژی کرد؛ ئێوەش بە پێوە نویژ بکەن، ئەگەر ڕکوعی برد؛ ئێوەش ڕکوع ببەن، وئەگەر سەری بەرز کردەوە (لە ڕکوع بردن)؛ ئێوەش سەرتان بەرز بکەنەوە (لە ڕکوع بردن)، وئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده)*، بڵێن: (ربنا ولك الحمد)**، وئەگەر بە پێوە نوێژی کرد؛ ئێوەش بە پێوە نوێژ بکەن، وئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی کرد؛ ئێوەش هەمووتان بە دانیشتنەوە نوێژ بکەن» *(واتە: خوای گەورە ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن)، **(واتە: پەروەردگارمان حەمد وسوپاس تەنها بۆ تۆ)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سواری ئەسپێک بوو، لەسەر ئەسپەکە کەوت وتەنیشتی ڕاستی بریندار بوو، یەک نوێژ بە دانیشتنەوە پێشنوێژی بۆ هاوەڵان کرد، ئەوانیش لە پشتیەوە بە دانیشتنەوە نوێژیان کرد، وکاتێک نوێژکردن تەواو بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: نوێژخوێن دەبێت شوێنی ئیمام (پێشنوێژ) بکەوێت لە هەموو شتێکدا (لە هەموو حاڵەتەکانی ناو نوێژدا)، ئەگەر ئیمام تەکبیرەی کرد (ووتی: الله أكبر)؛ پاشان ئەویش (نوێژخوێن) دەبێت تەکبیر بکات، وئەگەر ئیمام ڕکوعی برد؛ (نوێژخوێن)یش دەبێت ڕکوع ببات، وئەگەر سوجدەی برد؛ (نوێژخوێن)یش دەبێت سوجدە ببات، وئەگەر ئیمام بە پێوە نوێژی کرد؛ (نوێژخوێن)یش دەبێت بە پێوە نوێژ بکات، وئەگەر ئیمام بە دانیشتنەوە نوێژی کرد؛ (نوێژخوێن)یش دەبێت بە دانیشتنەوە نوێژ بکات، ئەمە ئەگەر ئیمامەکە لە سەرەتای نوێژەوە بەم دانیشتنەوە نوێژ دەستپێبکات وبە شێوەیەکی ڕێک وفەرمی ئیمامەتی -پێشنوێژی- بۆ خەڵکی بکات، هەروەکو ئەوەی بەسەر هاوەڵاندا ڕوویدا -ڕەزای خوایان لێبێت- لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەو ڕۆژەی لەسەر ئەسپەکەی کەوت وتەنیشتی ڕاستی تووشی ئازار بوو بۆیە بە دانیشتنەوە نوێژی کرد وهاوەڵانیش لە پشتیەوە بە دانیشتنەوە نوێژیان کرد.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11290